یادی دامەزراندنی یەکێتی گشتی قوتابیان لە هەولێرو سلێمانی بەرز ڕاگیرا

لە (54)مین ساڵیادی دامەزراندنی (یەکێتی گشتی قوتابیان لە کۆماری عێراق)و (32)مین ساڵەی دامەزراندنی (یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان) بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی ئەم یادە شکۆدارە مەکتەبی سکرتاریەتی (یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان) لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت لە هەولێرو نوسینگەی سکرتاریەت لە سلێمانی مەراسیمێکی پێشوازی سازکرد، بۆ پێشوازی لەو ڕێکخراوو لایەنە سیاسیی و قوتابیانەی کە بۆ پیرۆزبایی کردن، سەردانی ڕێکخراوەکەمانیان دەکرد.

لە هەولێر

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2002/4/15 کات 10ی بەیانیی و لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت وەفدێکی مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوەکەمان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان (سەعید کەریم سکرتێری ڕێکخراوو محەمەد چۆمانی ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت دەستەی هەردوو لقی هەولێرو زانکۆی سەلاحەدین و بەڕێز ئەبو ئیبراهیم سکرتێری قوتابیانی عێراق پێشوازیان لەم میوانە بەڕێزانە کرد:

- بەڕێز هاوڕێ (کەریم ئەحمەد) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان و وەفدێکی یاوەری.
- وەفدێکی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان.
- وەفدێکی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق.
- دەستەیەك لە ڕۆشنبیرانی ناسراوی عەرەب.
- وەفدێکی کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبی شیوعی کوردستان.
- وەفدێکی ڕاگەیاندنی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان.
- وەفدێکی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان.
- وەفدێکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر.
- وەفدێکی یەکێتی قوتابیان و لاوانی ئاشووری مەکتەبی سکرتاریەت.
- وەفدێکی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان/ مەکتەبی سکرتاریەت.
- وەفدێکی هاوبەندی قوتابیان و لاوانی میللی کوردستان.
- وەفدێکی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان.
- وەفدێکی پێشەنگی خوێندکارو لاوانی دیموکراتی کوردستان.
- وەفدێکی یەکێتی لاوانی تورکمانی عێراق.
- وەفدێکی یەکێتی قوتابیان و لاوانی بیت نەهرێن.
- وەفدێکی لقی هەولێرو لقی زانکۆی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان.
- وەفدێکی لقی هەولێری هاوبەندی قوتابیان و لاوانی میللی کوردستان.
- وەفدێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق.
- وەفدێکی کۆمەڵەی نەوجەوانانی کوردستان.
- وەفدێکی تەلەفزیۆنی هەرێم.
- وەفدێکی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی ئازادی.
- وەفدێکی ڕادیۆی ئاشتی.
- وەفدێکی یانەی وەرزشی هێرش
-وەفدێکی کۆمەڵەی هیوای عێراقی.
- ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی زانکۆو پەیمانگاو ئامادەییەکان.

لە سلێمانی

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2002/4/17و لە بارەگای نوسینگەی سکرتاریەت لە سلێمانی مەکتەبی سکرتاریەتی ڕێکخراوەکەمان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان سەعید کەریم سکرتێری ڕێکخراوو فەرهاد بەهائەدین و دکتۆر دیار نەجیب ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت و دەستەی هەردوو لقی سلێمانی و لقی زانکۆو پەیمانگاکانی سلێمانی پێشوازیان لەم میوانە بەڕێزانە کرد.

- وەفدێکی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان.
- وەفدێکی کۆمیتەی کەرکوکی حزبی شیوعی کوردستان.
- وەفدێکی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان.
- وەفدێکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت.
- وەفدێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی لاوانی کوردستان.
- وەفدێکی ڕابوونی خوێندکارانی کوردستان.
- وەفدێکی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان/ نوسینگەی سلێمانی .
- وەفدێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان.
- وەفدێکی یەکێتی خوێندکارانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان.
- وەفدێکی یەکێتی خوێندکارانی دیموکراسیخوازی کوردستان.د
- وەفدێکی مامۆستایانی پیشەیی.
- وەفدێکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستان، سکرتاریەت.

لە سنووری ڕاپەڕین

- وەفدێکی کۆمیتەی ئازادی حزبی شیوعی.
- وەفدێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ناوچەی ڕانیە.
- وەفدێکی پارتی پارێزگارانی کوردستان / لقی ڕانیە.
- وەفدێکی حزبی دیموکراسیخوازانی کوردستان/ لقی ڕانیە.
- وەفدێکی حزبی ڕزگاری کوردستان - کۆمیتەی ڕانیە.
- وەفدێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان / لقی ڕانیە.
- وەفدێکی ڕابوونی خوێندکارو لاوانی کوردستان/ لقی ڕانیە.
- وەفدێکی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی پارێزگاران / لقی ڕانیە.
- وەفدێکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان / لقی ڕانیە.
- وەفدێکی یەکێتی ژنانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان / لقی ڕانیە.
- وەفدێکی یەکێتی خوێندکارانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان/ لقی ڕانیە

لە شاری سلێمانی

دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆکانی کوردستان ئەنجامدرا

ڕۆژانی 13و4/14 بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەر سێ زانکۆی (سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆك)و بە میوانداری سەرۆکی دەستەی پەیمانگا تەکنیکییەکانی کوردستان، لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆکانی کوردستان بەڕێوەچوو، شایەنی باسە پیاداچوونەوە لەم کۆبوونەوەیەدا بە هەموو خاڵەکانی کە لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆکانی کوردستان لە دهۆك بڕیاری لە سەردرابوو دواتر بۆ سەرخستنی هێزو توانای زانستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ڕۆژی کۆبوونەوەکاندا کۆمەڵێك بڕیارو ڕاسپاردەی تازە تاوتوێ کران.

وەك ئاڵوگۆڕکردنی سەرچاوەی زانستی و کردنەوەی پێشانگای زانستی هاوبەش و ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی و کردنەوەی خولی تایبەت لە یارییە جۆراو جۆرەکاندا و هاوتاکردنی بڕوانامەکانی خوێندکاران و قوتابیان و یەکخستنی ڕێنماییەکانی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی و هەروەها یەکخستنی مەرجەکانی وەرگرتن لە خوێندنی باڵا (ماستەرو دکتۆرا) و دانانی چەندین ڕێنمایی گونجاو سەبارەت بە خانەنشینکردنی مامۆستایانی زانکۆ بە مووچەی تەواوەوە، کۆبوونەوەکە لەمەڕ هەندێ کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا هەڵوەستەی کردو تیادا باسی لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی و ڕۆڵی زانکۆ کرا لەم بوارەدا هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر وەك دیاردەیەك کە بە هیچ شێوەیەك تیرۆریستان زانکۆیان پێش پێگەکانی تری کۆمەڵگا قبوڵ نییە، باس لە چۆنیەتی ڕاڤەکردنی ئەم جۆرە کۆبوونەوانە کرا بۆ خزمەتی کۆمەڵ و ڕۆڵی زانکۆ لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو کاتەش زانکۆ بە تەواوی دەتوانێت ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت کاتێك بە هەموو ئەو پێداویستییانە لە ڕووی تیۆری و پرۆگرام و تەقەنی و کاری پسپۆری زانکۆییەوە، بە هەرەمەند بێت.

بۆ لیژنەی کۆلیژی یاساو ڕامیاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان

لە ژمارە (393) 2002/3/4ی هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان سەبارەت بە وەڵامی توانجەکەی (خەباتی قوتابیان) ڕوونکردنەوەیەك لە لایەن لقەکەمانەوە بڵاوکراوەتەوە کە مەبەست توانجەکە بووەو هیچی تر وە ئەگەر باسی هەر بابەتێك کرابێت یان هەر ڕەخنەیەك گیرابێت ئەمە تەنها پەرۆشی ئێمەیە بۆ پرۆسەی پەروەردەو کاری ڕێکخراوەیی و ئەگەر زیادەڕۆیی لە ڕوونکردنەوەکە هەبێت ئەوا داوا دەکەین بە سینگێکی فراوانەوە وەری بگرن، دووبارە هیوادارین ئەم شتانە نەبێتە لەمپەرێك لە بەردەم پەیوەندی لە مێژینەی هەردوو لاماندا.

لە پێناو برەودان بە کاری ڕێکخراوەیی و خزمەت و داکۆکیکردن لە قوتابیان

لقی هەولێری یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان

2002/4/18

پەیوەندییەکانی کار لە یاسای کاری ژمارە 71ی ساڵی 1987

مەلا خۆشناو

(2-2)

کاتێك باس لە بارودۆخی کاری کرێکاران لە تەواوی بەشەکانی بەرهەم هێنان دەکەین، ڕوویداوەو بارودۆخ لە بارنییەو بچووکترین هۆکارەکانی خۆ پاراستنی نییە لە بریندار بوون لە کاتی کارکردندا یاخود بارودۆخێکی تەندروستی باش لە ناو کارگەکاندا، ئەمە جگە لە پێداویستییەکانی وەکو کەمامەو دەستەوانەو جل و بەرگی تایبەت بۆ ئەو شوێنانەی کە بەرهەمی کیمیاوی و بایلۆژیان هەیە، لە لایەکی تر هیچ یەك لە خاوەن کارەکان پابەندی ڕێنماییەکانی ئەم یاسایە نابن لە کارکردن بە مندالان یاخود نێو جەوانان و کاری قورسیان پێ دەکرێت، هەروەها جیاکاری لە پێدانی کرێ لە نێوان ژن و پیاو کە لە یەك شوێن و هەمان کار کرێکاری دەکەن، ئەمەش پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتە و چەوساندنەوەیەتی.

کرێکاران لە عێراق بە بەردەوامی لە پێگەیەکی لاوازدان و مافەکانیان پێشێل دەکرێت لەبەر کۆمەڵێك فاکتەر لەوانە پشت گوێخستنی هەندێ لایەنی پەیوەندیداری حکومیی و نەبوونی جدیەت لە جێبەجێ کردنی دەقەکانی یاساکە، گرنگیدان بە لایەنی پشکنینی کار، لە پاڵ مساوەمەکردنی سەندیکا ڕوزەردەکانی سەر بە حکومەت لەگەڵ خاوەن کارەکان لە سەر بەرژەوەندی کرێکاران.

بڕوا نەبوونی بەرپرسان لە سەندیکاکان بە توانای چینی کرێکاران لە بەرەوپێش بردنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەلانانی ڕۆڵی باڵای ئەم چینە لە بەرامبەر خاوەن کارگەکان و بەربەست دروستکردن بۆ ڕۆڵیان لە کۆمەڵگا لە لایەکی تر ناشیرینترین و شۆڤینی ترین شێواز لە مامەڵەکردن بە کاردەهێنرێت لە عێراق لە بەرامبەر ڕێکخستنە کرێکارییەکان کە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دەکەن و لە سەرووییانەوە بزووتنەوەی سەندیکای دیموکراتی لە عێراق.

شك و گومانی تیادانییە کە بزووتنەوەی سەندیکای کرێکارانی پێشکەوتوو، قارەمان سەردەکەوێت هەر تەنها لەبەر ئەوەی داکۆکی لە خواست و بەرژەوەندیەکانی کرێکارانی عێراق بە هەموو نەتەوەکان دەکات.

ئاخۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت لە کوردستاندا لە چیدان؟

ئاشکرایە هەردوو ئیدارە لە هەرێم تاکو ئێستا پابەندی بەشی زۆری یاساکانن کە دەرچووە لە حکومەتی مەرکەزی (بەغدا) بە تایبەت ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بە کارو بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە تەنانەت لە بەرامبەر ئەو بڕیارە نا دروستەی کە ناسراوە بە بڕیاری 150 ی ساڵی 1987.. ئەمە نارەواییە بە مافەکانی کرێکارانی کوردستان. چونکە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك هەیە بە ڕەتکردنەوەی هەر بڕیارێك یاخود ڕاگرتنی کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان بێت.

ئەی بۆچی بڕیاری ناوبراو لا ناچێت یاخود بۆچی یاسای ژمارە 151ی ساڵی 1970 جێبەجێ ناکرێت؟ هەر بۆیە لەسەر حکومەتی هەرێم پێویستە مافەکانی کرێکارانی کوردو نەتەوەکانی تر کە لە هەرێم دەژین بگەڕێنێتەوە بە شێوەیەك کە ڕێگا خۆشبکات بۆ چۆنیەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان.. کەواتە بە چ شێوەیەك ژیان و گوزەرانی کرێکاران چاکتر دەبێت و کار چییە؟ چەند پێشنیارێك دەخەمە ڕوو:

1- ئەنجامدانی هەڵبژاردنیکی کرێکاری دیموکراسی لە هەرێمدا، چونکە سەندیکاکانی حکومەت کە ئیستا هەیە یاخود وابەستەی حزبەکانە یاخود لایەنیکی سیاسی کە گرانە بتوانێت داکۆکی لە بەرژەوەندی کرێکاران بکات لە بەرامبەر خاوەن کاردا کە ژمارەیان و هیزیان لە دەسەڵات زۆرەو کاریگەرە.

2 - پێویستە گرنگی بە ڕۆڵ و توانای لیژنەی پشکنین بدرێت و پێکبهێندرین لە نیوان کەوادیری حکومەت و سەندیکاکان بە مەبەستی زانیاری لەسەر چۆنیەتی و چەندیتی جیبەجێ کردنی یاساکان لە کەرتی تایبەت و بارودۆخی کریکاران لە هەریم.

3- کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری یاسایی بۆ کەوادیری حکومی (وەزارەتی داد) و سەندیکاکانی تایبەتمەند بە مەبەستی چۆنیەتی جیبەجێ کردنی یاساکانی کە تەشریع کراوە بۆ ئەوەی یاساکان بە بەستویی نەمیننەوەو کاریان پیبکریت و داکۆکیش لە کریکاران بکەن.

4- ریگەدان بە سەندیکای کریکاران بۆ چوونە گفتوگۆکردن لەگەڵ خاوەن کارەکاندا بۆ زیادکردنی موچەو مافەکانیان لە کاتیکدا کە شیوازو جۆری پرۆژەکان دەگۆردریت و بەرهەمی زیاتر دەبیت لەسەر شیوازیکی دروست و دیراسەکراو.

5- جیبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی کە هاتووە لە یاسای خانەنشین و بیمەی کۆمەڵایەتی کریکاران لە یاسای ژمارە 39ی ساڵی 1971 ، لە کاتیکدا پیویستە پەرلەمانی کوردستان بەم یاسایەشدا بچیتەوە چونکە زیاتر لە 30 ساڵی بەسەردا چووەو کۆمەلیك گۆرانکاری ڕوویانداوە.

6- دوای جیبەجێ کردنی بریاری 986 لە ساڵی 1996 ژمارەی کریکاران زیادی کرد بە تایبەت لە کەرتی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەو میکانیك و بازرگانی، کە پیویستە بە هەند وەربگیریت سەرەرای ڕووبەڕووبوونەوەی بیکاری و ئەو ریژە زۆرەی کریکاران کە کاریان نییەو ژیانی خۆیان و خیزانەکانیان لە خەتەردایە، پیویستە بنکەی کار دۆزینەوە چالاکتر بکریت و پلانیکی دیراسەکراو ئامادەبکریت بۆ چارەسەری ئەم کیشەیە.



زیرەك کەماڵ

سیاسەت و شێواندنی گەوهەری ڕاستی

سیاسەتی ڕازیکردن هەموو خەڵك و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان سەرجەم دەم و چاوە جوان و ناشیرینەکان و بەیەك چاو ڕوانین بۆ ڕەش و سپی، دیاردەیەکی بەرچاوو نەریتێکی چەسپاوە لە ژیانی سیاسی و حزبی و کۆمەڵایەتی و ڕەگێکی بەهێزە لە قووڵایی کەلتوری ئێمەدا، لە کاتێکدا زۆر دەمێکە ئەم ڕاستییە سەلمێنراوە کەوا هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی هەموو خەڵك لە خۆت هەرکەس و لایەنێك بەهەر نیازو هیواو مەبەستێك بیکات جگە لە ئیفلیج کردن و چەپاندنی ژیان و کوشتنی پرۆژەی نوێخوازی و لەباربردنی جیاوازییەکان و شێواندنی گەوهەرەکانی ڕاستی شتێکی تر ناگەیەنێت. ئاخر کاتێك تۆ ڕوخسارێکی چۆن لێوان لێو لە وێنەی دزێو و تاوانکاری و ڕووخسارێکی گەش و ڕۆحێکی پڕ لە بەرائەت و پاکیزەیی لە یەك بۆتەو چوارچێوەدا کۆدەکەیەوەو بەیەکەوەیان دەچوێنێت بەر لەوەی ناڕاستگۆیی لە بەرامبەر خودی خۆت بنوێنیت ئەوا لە بەرامبەر خودی تاوانکارەکەش بە هەمان شێوە ناڕاستگۆیی خۆت دووبارە دەکەیەوە. دیارە تۆ کاتێك مرۆڤ دۆستی و ڕاست بینی و ژیان دۆستی بۆ من و خۆت و کۆمەڵ دەسەلمێنیت کەوا ڕۆحی خۆت بکەیتە ئاوێنەیەك کەوا هەموومان لەسەر ڕووبەڕی ئەم ئاوێنەیەدا ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆمان و خۆمان وەکو هەین ڕاشکاوانە ببینین نەك بە مەبەستی چەند بەرژەوەندیە تایبەتی و مەبەستی ناڕەواو موجامەلەی نا ڕاست و نیگا و سیما و شێوەی خۆم لە بەر چاوی خۆم بشێوێنیت و خۆت چۆن دەتەوێت ئاوا وێنەیەکی تەزویر لە بونیادو جەستەی من دابتاشیت، ماوەیەك بەر لە ئێستا لە سەرانسەری کوردستان نێوەندە حزبی و حکومی و جەماوەرییەکان بە چالاکی و شێوازی جۆراو جۆر یادی ئەنفالی شوم و بەدناویان کردەوەو هەریەکە لە ئاستی خۆی تاکو پێی کرا بە شیعری تەقلید و کۆڕو سمیناری بێ تام و نوسین و وتاری هەزار بارەو ڕشتنی فرمێسکی .. ئاسا تەلی عاتیفەو زمانەی گوێچکەکانی ئێمەیان لەراندەوە، لە هەمووشی سەیرتر ئەوە بوو بەشی هەرە زۆری لافیتەکانی نێو بازاڕ نووسینی سەر ڕووپەڕی بڵاوکراوەکان نەیان دەگوت کێ ئەنفالی کرد؟ کێ بوو لە ڕێگای ئەنفال برینێکی ئاهەتایە سارێژ نەبووی خستە نێو جەستە و ڕۆحی نەتەوەییمان.

نەك هەر ئەوە بەڵکو بەشێك لە لافیتەکان ئاسایی بوو لە شارەکانی بەغداو موسڵیش هەڵواسرابان. بەعس بەهاری لە وەرزەکانی تەمەنی ئێمە سڕییەوە ڕوحی کبریا و نیشتمانی ئێمەی تا قووڵایی بریندار کرد، بەعس هیچ نەما نەیکات!! ئەی کەواتە بۆ نالێین بەعس ئەنفالی کرد، دەبێت وریا بین لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ مێژوو چونکە وەك دەڵێن ئەوەی هەموو خەڵك لێی ڕازی بێت لەگەڵ هەمووشیاندا ناڕاستە ئەوەی هەموو خەڵکیش لە دژی بێت ئەوا بۆگەنی کردووە.